# ناوەندی کارگێڕی قەزای کفری (سەلاحیە) لە بەڵگەکامەکانی عوسمانیدا

**د. سعدون حسين ئەحمەد**

بەشی خوێندنی ئیسلامی،کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، زانکۆی سلێمانی

saadoon.mustafa@univsul.edu.iq

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/٧ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

قەزای سەڵاحیە، یەکێک بووە لە ناوەندە ئیداری و میرییەکانی لیوای شارەزووری ویلایەتی موسڵ لە سەردەمی دە سەڵاتداری عو سمانییەکاندا، بەو پێی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی کە نزیک بووە لە سنوری دەوڵەتی سەفەوییەوە و ئەو سنورەش هەمیشە هێلێکی گەرمی ململانێی عوسمانی و سەفسەوی بووە، ئیتر سەلاحیە گرنگییەکی جیۆپۆلەتیکی هەبووە دەربارەی دە سەڵاتی عو سمانییەکانەوە، بۆیە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ ئەدەین بە شێک لە تایبەتمەندییەکانی سەلاحییە بخەینە ڕوو، ئەمەش بە پشتبەستن بە خوێندنەوەو ساغکردنەوەی کۆمەڵێک لە بەڵگەنامەی تایبەت بە سەلاحیە کە لە ئەرشیفی عوسمانییەوە بەدەستمان خستووە، هەروەها خستنەڕوی ڕادەی گرنگیدانی دەوڵەت بەو ناوە ندە ئیدارییە و ئەو دامودەزگا میرییانەی کەوا عوسمانییە کان دا یانمەزرا ندووە لە سەلاحیەدا، لە نمونەی قوتابخانە و پۆلیسخانە ومزگەوت و زیندان ..... .

**وشەی کلیل**: ناوەند، سەلاحیە، عوسمانی، بەڵگەنامە، قەزای کفری.

**الملخص:**

إن قضاء الصلاحية أحد المراكز الإدارية في لواء شهرزور التابع لولاية موصل في العصر العثماني، ونظرا لأهمية موقعها الجغرافي حيث كان قريبا من الحدود الصفوية وكان صراع النفوذ العثماني الصفوي على الحدود يشكل جزءا لا يتجزء من الصراع التاريخي الشامل بين الدولتين كانت الصلاحية تحظى باهتمام كبير من قبل الدولة العثمانية ومؤسساتها الإدارية والعسكرية، لذا نحن نحاول من خلال هذه الورقة البحثية إلقاء الضوء على بعض الجوانب التاريخية لقضاء الصلاحية، وذلك اعتمادا على قراءة واستقراء الوثائق الموجودة والمحفوظة في الأرشيف العثماني، فحاولنا إبراز مدى إهتمام العثمانيين بهذه المنطقة من الجوانب الإدارية والسياسية والعسكرية.

**الكلمات الإفتتاحية**: المركز، الصلاحية، العثماني، الوثائق، قضاء كفري .

**پێشەکی**

ســەلاحییە وەک قەزایەک لە لیوای شــارەزوور و بەشــێک لە ســنوری ئیداری ویلایەتی موســڵ لە ســەردەمی دەسەڵاتداری عوسمانییەکاندا بەشێک بووە لە ڕوداوەکان و ناوێکی دیاری ئەو سەردەمە بووە، گرنگی جیۆسیاسی هەبووە بۆ دەوڵەتی عو سمانی چونکە هێڵێکی گەرمی ململانێی عو سمانی و سەفەوی کەوتووەتە ئەم سنورەوە، هەر بۆیە ویلایەتی موسڵ بە گشتی و سەلاحییە بە تایبەتی بەشێک بووە لە ڕوداو و گۆڕانکارییە سیاسی و ململانێ سەربازییەکان، سەلاحییە لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە پێکهاتەیەکی فرەیی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی هەبووە بۆیە هەمیشە ناوچەیەکی پڕ لە جوڵە بووە، ئیتر زۆرێک لەو ڕووداوانە لە لایەن دەزگا دەوڵەتییەکانی عوسمانییەوە تۆمار کراون و هەتا ئەمڕۆش هەڵگیراون، کاری ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا بنکۆڵکردنی ئەو بەڵگەو زانیارییانەیە کەوا ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی سنوری سەلاحییەیان تۆمارکردووە، بەڵگەکان فرە چەشنن و زنیارییەکانیش بڵاون بەڵام ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین کۆمەڵێک زانیاری فرە ڕەهەند وەدەست بخەین هە تا بتوانین وێنەیەکی کورت و پوختی ئەوکاتی سەلاحییە بخەینە ڕوو، بەشێک لە مێژووی ئەو قەزایە ساغبکەینەوە و بەڵگەنامەکان بە خوێنەران ئاشنا بکەین، جێگای ئاماژەیە باسەکەم بەسەر دوو تەوەردا دابەشکردووە بەمشێوەی لای خوارەوە.

**ئامانجی توێژینەوە؛**

بریتییە لە ناساندن و شیکردنەوەی پیگەی مێژوویی ناوەندی قەزای سەلاحییە وەک بەشێک لە لیوای شارەزوور لە سەردەمی دەسەلاتتداری عوسمانییەکانداو بنکۆڵکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو مێژووە لە چوارچێوەی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا.

**گرنگی توێژینەوە؛**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوا ژێدەرەکانی پێکهاتووە لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی و تەواوی وردەکاری و زانیارییەکان لە بەڵگەنامەکانەوە دەگوازینەوە، واتە لە سەرچاوەی ڕەسەنەوە زانیارییەکان دەخەینە ڕوو، واتە ئەم تویژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی مێژووی ئێمەی کورد، لە ئەرشیفی ئەوانیترەوە، بەتایبەت سەلاحییە کەوا ناوی هەبووە لە ناو ڕوداوە مێژووییەکانی ئەو ڕۆژگارەدا.

**میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە توێژینەوەیەکی مێژوویی پشتبەست بە میتۆدی وەسفی شیکاریی، ئامانج لێی شیکردنەوەو وەسفکردن و وردکردنەوەی پێگەی قەزای سەلاحییەیە لە سەردەمی دەسەڵاتداری عوسمانییەکاندا، هەروەها ناساندنی پێگەو جێگەی ئەو سنورەیە لەناو کۆمەڵێک ڕوداوی گرنگی مێژووییدا کەوا هەتا ئێستەش بەشێک لەو ڕووداوانە کاریگەری بەردەوامیان هەیە بەسەر مێژووی ئێمەوە .

**کێشەی توێژینەوە:**

هەر توێژینەوەیەک کەوا ئەنجام دەدرێت بەدڵنیاییەوە وەڵامدەرەوەیە بۆ کێشەیەک یاخود پرسیارێکی جددی، ئەم توێژینەوەیەش هەر لەو چوارچێوەیە بەدەر نیە، بۆیە هەوڵمانداوە لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە.

١- ئایا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەلاحیە لەو سەردەمەدا چۆن بووە؟

٢- ئایا سنوری ئیداری و جوگرافی سەلەحیە لەو ڕۆژگارەدا کوێ بووە؟

٣- ئایا گرنگی قەزای سەلاحیە و لیوای شارەزوور چی بووە لەو سەردەمەدا؟

**١,١ناسندنی قەزای سەلاحیە**

قەزای سەلاحییە وەک یەکێک لە ناوەندە ئیداری و میرییەکانی لیوای شاروزوور لە ویلایەتی موسڵی سەردەمی دەسەڵاتدارێتی عوسمانییەکاندا پێگەو جیگەی مێژوویی هەبووە، لە ساڵەنامەکانی عوسمانیدا ناساندنی بۆکراوە و سنوری جوگرافی و ئیداری و وردەکاری داهات و ڕێژەی دانیشتووان وگرنگترین داهاتە کشتوکاڵییەکانی با سکراوە، و پێکهاتە ئیداری و دەزگا میرییەکانی دەوڵەت ئاماژەیان بۆکراوە کە لەو سەردەمەدا لە قەزای سەلاحیەدا بونیان هەبووە.

ناوەندی قەزای سەلاحیە کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی لیوای شارەزوورەوە نزیکەی ٢٥ کاژێر فە سواری لە ناوەندی لیواکەوە دوورە کە ئەوکات ناوەندی لیوای شارەزوور کەرکوک بووە،(مو صل ویلایتی سالنامە سی،١٣٣٠،٢٧٠). لە لایەکی ترەوە قەزای سەلاحیە دەکەوێتە دامێنی چیای باوە شاسوارەوە و لەبەردەمیدا دەشتێکی فراوان هەیە، سەبارەت بە کەش وهەوای ناوچەکە لە وەرزی هاویندا گەرمە، بەشێوەیەک نزیک دەبێتەوە لە ٤٤ پلەی سیلیزی، لەسنوری ئەم قەزایەدا زۆرێک لە باخ و بێستان بوونی هەیە، شایەنی باسە زۆربەی ئەم باخ و بێستانانەش بە ئاوی ئەو چەم و ڕوبارانە ئاو دەدرێن کە لە ناوچەکە بوونیان هەیە لە کاتیکدا بەشێکیشیان بیری دەستی وەک سەرچاوەی ئاودێری بەکار دەهێنن،(مو صل ویلایتی سالنامە سی،١٣٣٠،٢٧٠). ئەم زانیارییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەوا زۆربەی خەڵکی ناوچەکە خەریکی پیشەی کشتوکاڵ و باخدارین، وەک لە ساڵنامەکەدا ئاماژەی پێدراوە چەندین جۆری میوە لەو سنورە بەرهەم دەهێنرێت وەک خورماو مزرەمەنی و میوەکانی تر هەروەها ئاماژە بەوە دراوە کە کوالێتی میوەکان لە ئاستێکی بەرزدان،(موصل ویلایتی سالنامەسی،١٣٣٠، لا٢٧٠).

**٢,١پێکهاتەی ناوەندی قەزای سەلاحیە**

لە ساڵنامەکانی عوسمانیدا کە لە ساڵی ١٩٠٧ تایبەت بە ویلایەتی موسڵ نوسراوە بەم شێوەیە باسی قەزای سەلاحییە کراوە لە ڕوی داودەزگا میرییەکانەوە و ڕێژەی ماڵ وژمارەی دانیشتوانەوە سەلاحییە ئەم ئامارە لە خۆ دەگرێت((١٠٨٨ خانو، ژمارەی دانیشتووان ٢٥٠٠ کەس، یەک کۆمەڵگەی دەوائیری دەوڵەتی تێدایە، یەک سەربازگەی تێدایە، یەک مزگەوتك دوو قوتابخانەی ئاینی، یەک تەکیە، یەک مەکتەبی ڕوشدییە، دوو قوتابخانەی سەرەتایی، نۆ قاوەخانە، ٦٧٥ دوکان، ٢ حەمام، ٣٥ ئاش، یەک تەلەگرافخانە)). (موصل ویلایتی سالنامەسی،١٣٢٥،٢٢١).

خانووەکانی سەلاحییە کەمێلیان بە گەچ و ئەویتری هەمموی بە گڵ دروستکراون، قەیسەرییەکیش لە ناوەندی شارەکە بوونی هەیە، دانیشتووانی سەلاحییە زۆری بە کشتوکاڵەوە خەریکن و بەشێکی کەمیشیان بە بازرگانییەوە سەرقاڵن، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە کورد و عەرەب و تورکمان پێکهاتوون، بۆیە زۆربەی خەڵکی سەلاحییە بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی دەدوێن، شایەنی باسە خەڵکی سەلاحییە لە مسوڵمان و بەشێکی کەمیشیان لە

جولەکە پێکهاتوون، شـــارۆچکەی کفری ناوەکۆنەکەی کفری بووەو قەزاکەش کاوی کۆنی زەنگئاباد بووە، ســـەلاحییە لەسـەر ڕێگەی سـەرەکی بەغداد هەڵکەوتووە، لە ناو شـارۆچکەی سـەلاحییە کۆمەڵێک مەزارگەی کۆن بوونیان هەیە، شـــایەنی باســـە هەردوو ناحیەی قەرەتەپەو دوزخورماتوو لە ڕوی کارگێڕییەوە ســـەر بە قەزای ناوەندیی ســـەلا حییەن.(موصل ویلایتی سالنامەسی،١٣٢٥،٢٢١- ٢٧٠)

**٣،١ نەخشەی سەلاحیە**

ســەبارەت بە جوگرافیای ســەلاحییە لە ســەردەمی عوســمانییەکاندا توانیومانە دوو نەخشــە بەردەســت بخەین، نەخشەی یەکەمیان بە شێوەیەکی فراوان سنوری قەزای سەلاحییەی لەو سەردەمەدا لە خۆ گرتووە، هەردوو ناحیەی قەرەتەپەو دوزخورماتوو کە لەو سەردەمەدا سەربە ناوەندی قەزای سەلاحییە بوون ئاماژەیەن پێدراوە، ئەم نەخشەیە زیاتر سنوری ڕۆژئاوای سەلاحییەی لە خۆ گرتووە، واتە ناوچەکانی دوزخورماتوو و سولەیمان بەگ و جەبەل حەمرین و هەتا نزیک تکریت لە خۆ دەگرێت، بەشـێوەیەکی ورد لەم نەخشـەیەدا ئەو جۆگەلەو ڕوبارانەی لەم سـنورەدا بونیان هەیە یـاخود پیـیـدا تیپەڕدەبن ئـامـاژەیـان بۆ کراوە، وەک ڕوبـارەکـانی دیجلەو کفری و تەنـانەت ئەو جۆگەلۆکـانەی بەمەبەســتی کشــتوکاڵ و ئاودێری لە ســنورەکەدا دروســتکراون دیاریکراون، هەروەها گرد و دۆڵەکانی ئەم ســنورە بەشـێکی ترن لە نەخشـەکە، تەنەنەت ئاماژە بەو شـوێنانەشـکراون کەوا نەوتیان تێدایە، هەروەها ئەو شـوێنانەی کەوا چۆڵوانییەو هیچ جوڵەیەکی تێدا نییە ئاماژەیان بۆ کراوە (BOA.HTR.0445).

مێژووی ئەم نەخشـــەیە دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی ١٩١٧ میلادی کە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشـــی تایبەت بە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای دەوڵەتی عوسمانییەوە چاپکراوە، هەر لەم نەخشەیەدا ئاماژە بەو سنورانە کراوە کەوا گوندەکانی عەرەب نشینن و لە ڕوی کارگێڕییەوە سەر بەناوەندی قەزای سەلاحییەن.

ئەوەی لە نەخشەی دووەمدا بەرچاومان دەکەوێت زیاتر سنوری ڕۆژهەڵاتی سەلاحییەیە واتە زیاتر بە ڕوی کەلاردا نەخشەکە کێشراوە، مێژووی ئەم نەخشیە کۆنترە لەوەی یەکەم، لەم نەخشەیەدا هەردوو ڕوباری سیروان و کفری کە بە ســـنوری کەلاردا تێپەڕ دەبن ئاماژەیان بۆ کراوە، بە هەمان شـــێوە ناوچەکەنی زەنگەنە، داودە، پەڵکانە بەڕونی ســـنورەکەیان دیاریکراوەو ناویان هاتووە، هەروەها ئەو گۆم و بەنداوە بچوکانەی بەمەبەســـتی ئاودێری بنیاتنراون دیاری کراوە، وە شـــوێنی گردو تەپۆڵکەکانیش دیاری کراوەو لەگەڵ ئەوەشـــدا ناوی تەواوی گوندەکانی ناوچەکە نوسـراوەو سـنورەکانیان ئاماژەی پێدراوە، لە نەخشـەی یەکەمدا زیاتر تەرکیز خراوەتە سـەر ناوی گوند، شـاخ، جۆگەو ڕوبارەکان، بەڵام لە نەخشـــەی دووەمدا زیاتر تەرکیز خراوەتە ســـەر پرد، بەندا، دەزگا میرییەکان. واتە زیاتر شـــوێنە فەرمی و پرۆژە دەوڵەتییەکان زەقکراوەتەوە، بەڵام ئەم دوو نەخشەیە هەر چەندە مێژوو و چۆنییەتییەکەیان جیاوازە بەڵام تێکگیرانیان نییەو هەردوکی تەواوکەری یەکترن (BEO.001538.115330.003).

**٤،١ سنوری ئیداری قەزای سەلاحیە**

قەزای سەلاحییە دەکەوێتە ناو سنوری لیوای شارەزوورەوە کە ناوەندەکەی شاری کەرکوک بووە، ئەمە لە کاتێکدایە هەردوو ناحیەی قەرەتەپەو دوزخورماتوو دەکەونە ناو سـنوری قەزای سـەلاحییەوە واتە ئەوانیش بەشـێکن لە لیوای

شــارەزوور، شــایەنی باســە دوزخورماتوو ســەرەتا ســەر بە ناوەندی لیوای شــارەزوور بووە بەڵام دواتر دابڕێنراوەو بە فەرمانێکی میری خراوەتە ســەر ســەلاحییە، ئەوەی لە فەرمانەکەدا هاتووە گوایە لەبەر ئاســانکاری ئەم گۆڕانکارییە کراوە بەو پێیەی دوزخورماتوو لە سـەلاحییەوە نزیکترە و بۆ هاتوچۆ ئاسـانترە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە ئیدارییە پاش ماوەیەک لەلایەن جولەکە کانی دوزخور ماتووەوە ڕوبەڕوی ناڕەزایەتی دەبێتەوە بە بیانوی ئەوەی لە ڕێگەی نێوان دوزخورماتوو ســەلاحییەدا توشــی ناڕەحەتی و ڕێگری دەبنەوەو ناتوانن بە ئازادی ئەو ڕێگەیە بەکاربهێنن بۆ ئیش و کاری ڕۆژانە، بۆیە لە ڕێگەی موتەســەڕیفی ئەوکاتی کەرکوکەوە داوایەک ئاراســتەی والی موســڵ دەکەن و ئارەزووی خۆیان بۆ گەڕاندنەوەی ناحییەکەیان بۆ سەر ناوەندی لیوای شارەزوور دەکەن، هەر بۆ ئەم مەبە ستەش دوای دە ساڵ لە پچڕا ندنی دوزخور ماتوو لە کەرکوک و بەســتنەوەی بە قەزای ســەلاحییەوە جارێکی تر دەگەڕێنرێتەوە دۆخی پێشــووی و والی ئوە کاتی موســڵ کە نوری ئەفە نددیە فەر مانی گۆڕانکارییە ئیدارییەکە دەردە کات و لە بەرواری ٢،مـارســی ١٣١٩ جـارێـکـی تـر دوزخـورمـاتـوو دەگەڕێـنـرێـتەوە ســەر نـاوەنـدی لـیـوای شارەزوور(MKT.MHM.0050200069.001).

**٥,١ کشتوکاڵ و ئاودێری لە قەزای سەلاحیە**

وەک لە ساڵنامەکاندا با سکراوە قەزای سەلاحییە و لیوای شارەزوور لەو سەردەمەدا ناوەندێکی گرنگی کشتوکاڵ بووە بە شــێوەیەک بەربومەکانی هەناردەی ناوچەکانیتر کراوە، تەنانەت هەندێکجار کەموکوڕی ناوچەکانی تر لە ڕوی بەروبومی دانەوێڵەوە بەبەرهەمی ســەلاحییە پڕکراوەتەوە بۆ نمونە لەم فەرمـانەدا کەوا لە ڕێکەوتی ٢٦،کـانونی دووەمی ١٣٣٠دا لە لایەن والی موسـڵەوە بە ناوی ڕشـید بەگەوە دەرکراوە باس لەوە دەکات لە لیوای شـارەزوورەوە بە تایبەت لە داقوق و سەلاحییەوە نزیکەی پانزە تۆن گەنم بۆ سامەڕاو بەغداد ڕەوانە کراوە، ئەمەش بە هۆکاری ئەو کەم بەرهەمـیـیەی بە هـۆی وشـــکەســـاڵـیـیەوە ڕووی لەو نـاوچـانە کـردووە وەک لە بەڵـگەنـامەکـانـدا ئـامـاژەی پێکراوە(DH.İ.UM.EK.00006.00034.001).

ئەم بەروبومە زۆرەی سەلاحییە وەک لە بەڵگەنامەکاندا با سکراوە دەوڵەتی ئەوکاتی عو سمانی گرنگی هەبووە بۆی و بودجەی تـایبەتی تەرخـانکرددوە بۆ خزمەتکردنی ئەم کەرتە، بۆ نمونە کـاری تـایبەتیـان کردووە بۆ پـاراســتنی سەرچاوەکانی ئاودێری لەم سنورە هەر بۆیە کریان کرددوە بۆ نۆژەنکردنەوەو پاککردنەوەی ڕێکخستنەوەی ئەوجۆگەو ڕوبارانەی وەک سەرچاوەی ئاودێری لە ناوچەکە بەکاردەهێنرێن، هەر بۆ ئەم مەبە ستە لیژنەیەکیان بۆ دەرخستەی ئەو شـوێنانەی پێویسـتیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە راسـپاردووە و وردەکاری دەرخسـتەکە باسـکراوەو بڕی تێچووەکەشـی خراوەتە ڕوو، هەر لە بەڵگەنامەکاندا ناوی ئەو ڕوبارانە نوســراوە کەوا پێویســتییان بە کاری پاککردنەوە هەیە بەم شێوەی لای خوارەوە:

١- ڕوباری چاوە ٢٤٢٥ مەتر

٢- ڕوباری قەرەتەپە ٢١،١٠٥ مەتر

٣- ڕوباری کەشکۆڵ ١٤،٥٩٢ مەتر

٤- ڕوباری دوزخورماتوو ٨،٧٦٥ مەتر

٥- ڕوباری تاوریە ٢٠٢٥ مەتر

٦- ڕوباری براون ١٦٠٠مەتر

٧- ڕوباری دەگرمان ٢٥٥٠ مەتر

٨- ڕوباری ئامرلی و خاسە ٣،٣٧٥ مەتر

٩- چەمی حەیدەر ٤٥٠٠ مەتر

١٠- ڕوباری زەنگئاباد ١٠،١٢٧ مەتر

١١- ڕوباری میحنەت ئاباد ٦،٨٤٦ مەتر

کۆی گشتی دەکاتە ٧٧،٩١٠ مەتر واتە نزیکی ٧٨ کیلۆ مەترە

(ML.EEM.00983.00015.009) (ML.EEM.00983.00015.008)

ئەوەی سەرەوە کورتەی دەرخستەی بەشێکە لەو ڕوبارو چەمانەی کەوا کاری پاککردنەوەیان بۆکراوە هەرچەندە لە بەڵگەنامەیەکی تردا باس لە شەست چەم و جۆگە دەکات کەوا کاری پاککردنەوەیان بۆکراوە، شایەنی باسە بڕی پارەی پێویست بۆ ئەم پرۆژەیە بە دوو گوژمە خەرج کراوە گوژمەی یەکەم بڕی ٧٧،٩١٠ قروش لە ڕێکەوتی ٢٩ شوباتی ١٣٢٩ خەرجکراوە بۆ کاری پاککردنەوەو نۆژەنکردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان، بەڵام دوای دەستپێکردنی کارەکە دەزانن کەوا بڕە پارەی تەرخانکراو کەمە و بەش ناکات بۆیە بۆجاری دووەم بەنوسراوێکی تر لە ڕێکەوتی ١١ شوباتی ١٣٢٩ فەرمان دراوە بە خەرجکردنی بڕی ٣٠ هەزار قروشی تر بۆ هەمان مەبەست پێشوو شایەنی باسە ئەم نوسراوەی دووەم لە لایەن دەفتەرداری ویلایەتی موسڵەوە دەرکراوە.

هەر پەیوەست بە کاروباری کشتوکاڵەوە لە ساڵی ١٣٠٧ بە هۆکاری هەبوونی کوللەیەکی زۆر زەرەرو زیان بەر دەخل و دانی جوتیارانی سەلاحییە و قەرەتەپە دەکەوێت و توشی زەرەر دەبن ئەوساڵە بەروبومی دەغلودان کەم دەبێت، لەم سەروبەندەداو بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی لە بەرهەمی دانەوێڵە ڕویداوە بڕی ١٣٠ تۆن گەنم و ١٣٠ تۆن جۆ لە عەمباری موسڵەوە ڕەوانەی ئەو شوێنانە دەکرێت ئەمەش وەک قەرەبویەک بۆ جوتیاران و دانیشتووانی گوندەکانی سنوری سەلاحییە، شایەنی باسە ئەم فەرمانە لەلایەن خەزێنەی تایبەتی دەوڵەتەوە دەرکراوەو بۆ ویلایەتی موسڵ نێردراوە بەمەبەستی جێبەجێکردن و لەسەروبەندی خەرمانکوتاندا بەسەر خەڵکیدا دابەشبکرێت.

**١،٢ پرۆسەی خوێندن لە قەزای سەلاحیە**

پێشتر لە ساڵنامەکاندا باسمان کرد کەوا لە سەلاحییەدا دوو مەدرەسەو یەک خوێندنگەی ڕوشدییەو دوو قوتابخانەی منداڵان بوونی هەبووە.

١-ئەوەی پێیدەوترا مەدرەسە لەو سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا بریتیبووە لە ئاستێکی پێشکەوتوی خوێندن لە سەرو پانزە ساڵییەوە هەتا تەمەنی سی و پێنج] ساڵی قوتابی لە خۆ گرتووەك پرۆگرامی خوێندن لەم مەدرەسانەدا جگە لە وانە ئاینییەکان زانستەکانی وەک بیرکاری و فیزیاو کیمیاو هەندەسەو فەلەکناسی و مێژوو و جوگرافیاو

زمانی فارسی لە خۆ دەگرت، شایەنی باسە ئەم مەدرەسانە وەک خانەی مامۆستایان کاری سەرەکی ئامادەکردنی مامۆستا بووە بۆ ئەو ناوەندە پەروەردەییانەی پێویستیان بە مامۆستا هەبووە لەو ڕۆژگارەدا، واتە دەرچووانی ئەم مەدرەسانە دەبوونە مامۆستا.(Sabit Genç. Musul velayetinde eğitim ve eğitim kurumları.82)

٢-ئەوەی پییدەوترا قوتابخانەی منالان(صبیان مکتبی) ئەم جۆرە قوتابخانە لە هەر گەڕەک و گوندیک دەکرا هەبن بە تایبەت لەتەنیشت یاخود لەناو حەوشەی مزگەوتەکاندا هەبوون منالانی لە نێوان ٥-٦ سالی لەم ناوەندانە وەردەگیران بابەتە سەرەتاییەکان لەم قوتابخانانە دەخوێنران و مکالان فێری خویندنەوەو نوسین دەکران، خویندن لەم قوتابخانانە ماوەی ٣ بۆ ٤ سالی دەخایاند، شایەنی باسە ئەم قوتابخانانە لەلایەن کەسانی خێرخوازەوە هاوکاری دارایی دەکران و بەڕیوە دەبران. (kurumları.21 Musul velayetinde eğitim ve eğitim)

٣-قوتابخانەی ڕوشدییە: ڕوشدییە قۆناغێکە لە نێوان سەرەتایی و کۆتایی واتا قوتابی دوای قۆناغی سەرەتایی بەرەو تەمەنی ئاگایی ئەڕوات ئیتر لەم ناوەندانە وەردەگیرێت، هەر بەو مبەستەش ناوی ڕشدییەیان لێناوە، قوتابی لەم قوتابخانانە هەتا تەمنی پازدە سالی بەردەوام دەبوو.(eğitim kurumları.28 Musul velayetinde eğitim ve)

لێرەدا بەڵگەنامەیاک ئاماری ڕۆژانی هاتوو و نەهاتووی مامۆستاو قوتابییان نیشاندەدات، لە ستونی ناوی مامۆستاکاندا ناوی مامۆستایەک ئاماژەی پێدراوە بە ناوی:

(محمد رفعەت ئەفەندی) هەروەها ناوی پا سەوانی قوتابخانەکەش نو سراوە بە ناوی (محمد ئاغا)ك شایەنی با سە بە پێی وەرزەکانی خوێندن ڕۆژانی دەوامیان دیاریکراوە.

هەروەها لە ستونی ناوی خوێندکارەکاندا تەنها ناوی قۆناغەکان و ژمارەی خوێندکارەکان نوسراوە بە شێوەیەک لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە سالی یەکەم نۆ خویندکار و سالی دووەم شەش خوێندکار و سالی سێیەم پێنج خوێندکار و سالی چوارەم حەوت خوێندکار لە قوتابخانەکە خوێندویانەو ناویان تۆمار کراوە، هەر لە هەمان خشتەدا خانەی واز هێنان لە خوێندن دیاری کراوە بەلام بە بۆشی ماوەتەوە واتە لەو ساڵەدا هیچ قوتابییەک وازی لە خوێندن نەهێناوە، ئەم نوسراوە لەلای خوارەوەی واژوی مامۆستای قوتابخانە (محمد رفعەت) لەگەڵ قائیمقامی سەلاحییە (ئەحمەد شەوقی) پێوەیە.(MF.MKT.00751.0044.001)

هەر پەیوە ست بە قوتابخانەی ڕو شدییە لە سەلاحییە لە بەڵگەنامەیەکی تردا خشتەی تاقیکردنەوەکانی پۆلەکانی یەک و دوو سێی قوتابخانەکە ڕونکراوەتەوەو ناوی وانەکان و قوتابیان و ئەو نمرانەی بەدەستیان هێناوەو هەروەها ئەو قوتابیانەی کەوا دەرنەچوون یاخود بەشداری تاقیکردنەوەکانیان نەکردووە بەیانکراوە، شایەنی باسە ئەم خشتەیە بۆ سالی خوێندنی ١٣٢٣-١٣٢٤ ئامادەکراوە. لەلای خوارەوەی بەڵگەنامەکە ناو و مۆری ئەندامانی لیژنەی تاقیکردنەوەکانی پێوەیە. (MF.İBT.00215)

هەر پەیوەست بەم باسەوە لە نوسراوێکی تردا کەوا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی زیلحیجەی سالی ١٣٢١ خشتەی هاتوو نەهاتووی مامۆستا و قوتابی و پاسەوانی قوتابخانەکە بەیانکراوە، وەک لە خشتەکەدا هاتووە ناوی قو تابیانی چوار قۆ ناغی لەخۆ گرتووە کە بەهەمو یان ژ مارە یان ٣٤ قو تابییە، بەهە مان شێوە ناوی مامۆستاو

پاسەوانیش تۆمار کراوە، لە خشتەکەدا ڕۆژی نەهاتوی قوتابی و ئەو وانەشی کەوا نەهاتووە نوسراوە، شایەنی باسە لە لای خوارەوەی خشـــتەکە مۆری مامۆســـتای قوتابخانە (محمد ڕفعەت) لەگەڵ قایمقامی ســـەلاحییە(ولی الدین) هەیە.(MF.İBT.00057)

ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم بەڵگنامانە وەدەســـمان دەکەوێت ئەوەیە کەوا ڕەوشـــی پەروەردەو خوێندن لەو ســـەردەمەی ســـەلاحییەدا چالاک بووەو هۆگری هەبووە لەلایەن دامزراوەکانەوە بۆ گرنگیدان بەم کەرتە بەتایبەت ستافی مامۆستاو کەسانی ئیداری.

هەر پەیوەست بە قوتابخانەی ڕوشدییەی سەلاحییەوە بە فەرمانێک لە ساڵی ١٣١٧ دەرکراوە بڕیاری دمەزراندنی کەسـێکە بەناوی ((شـێخ محمد ئەفەندی)) یەکێکە لە زانایانی کوردســتان بە ناونیشــانی مامۆســتا لە قوتابخانەی ڕوشدییەی سەلاحییە بە موچەی ٢٥٠ قروش.

**٢,٢نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگەی کارگێڕی دەوڵەت لە سەلاحیە**

لەســـەلاحییەدا کۆمەڵگەی فەرمانگە کارگێڕییەکانی دەوڵەت هەبووە، تەواوی فەرمانگە میرییەکانی دەڵەت لەو بینایەدا کۆکراونەتەوە، لەســەرو هەموویانەوە قائیمقام، دیارە لەوســەروبەندەدا ئەو بینایەی فەرمانگەکانی تێدا بووە کۆنبووەو پێویســتی بە نۆژەنکردنەوە هەبووە بۆیە والی ئەوکـاتی موســـڵ بەنـاوی (والی موحەڕەم) فەرمـانی خەرجکردنی بڕی ٣٥٨٠ قروشـــی دەرکردووە بەمەبەســتی نۆژەنکردنەوەی بیناکە، ئەم بڕە پارەیەش لەلایەن خەزێنەی گشـتی دەوڵەتەوە وەک بەشـێک لە بوجەی ئەو سـاڵە خەرج دەکرێت، ئەم بڕە پارەیە بە پێی دەرخسـتەیەکی تایبەت بووە کە لە لەیەن لیژنەیەکەوە کاری بۆ کراوە، لە ڕێکەوتی ١١ جەمادیلئەوەلی ساڵی ١٣٣١ بە واژۆ و مۆری تایبەتی والی موسڵ. (ML.EEM.00869.00008.005)

**٣,٢نۆژەنکردنەوەی پردی نێوان سەلاحیەو قەرەتەپە**

وەک لە فەرمانێکی تایبەتدا هاتووە ئەم پردە بە هۆی کۆنبونیەوە توشـی زەرەر بووەو پێویسـتی بە نۆژەنکردنەوە هەیە کاری دەرخســتەی بۆ کراوە بە پێی دەرخســتەکە بڕی ١٣،٦٠٧ قروشـــی پێویســتە بۆ کاری نۆژەنکردنەوە ئەم بڕە پارەیەش لە بودجەی گشتی ویلایەتی موسڵ دابیندەکرێت، شایەنی باسە ئەم فەرمانە لە ١٨ نیسانی ١٣٠٦ دەرکراوە بە واژوی چاودیری خەزینەی تایبەتی دەوڵەت، لە لای خوارەوەی فەرمانەکەش خامەی نهێنی پەراوێزی لەســەر نوســیوە خەرجکردنی بڕە پارەی دیاری کراوی دوپات کردووەتەوە بەناوی شەهریارەوە واژۆی تایبەتی خۆی لەسەر نوسراوەکە کردووە لە ڕێکەوتی٢١ نیسانی ١٣٠٦.(H.14.9.1307.YER BİLGİSİ.76-41)

**٤,٢ نەخشەی مزگەوتی گەورەی سەلاحیە**

ئەم نەخشـــەیە هی مزگەوتی گەورەی ســـەلاحییەیە لە ڕێکەوتی ٢٥ نیســـانی ١٩٠٣ کیشـــراوە ئەڵبەت مێژووی مزگەوتەکە زۆر کۆنترە لەم ڕێکەوتە بەڵام کاتێک ویســتویانە کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ بکەن و هەندێک بەشــی بۆ زیاد بکەن بە تایبەت ژوری مامۆســتای وانەبێژ(حوجرە) بۆ ئەم مەبەســتە ئەم نەخشــیە کێشــراوە، وەک لە نەخشـــەکەدا دەردەکەویت مزگەوتەکە لە دوقات پیکهاتووە بەشـــی کۆنی مزگەوتەکە لە نەخشـــەکەدا بە ڕەنگی شـــین ئاماژەی بۆ

کراوە هەروەها بەشی تازەکەشی بە ڕەنگێکی کاڵ ڕەنگ کراوە، ئەوەی لە نەخشەکەدا ڕونکراوەتەوە بەشە کۆنەکەی بە قوڕ دروستکراوە بەشە تازەکەشی بە گەچ دروستدەکرێت، شایەنی باسە لەسەر ڕووبەری ١٠٠ دوجا مزگەوتەکە دروستدەکرێت، لە لەیەن ئەندازیاری تایبەتەوە بە ناوی (محمد محمود) هەموو وردکاری نەخشەکە ئاماژەی بۆکراوەو بەرزکراوەتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار هەتا ڕێکاری جیبەجێکردنی تەواو بکرێت. (BOA.HH.THR.365.20)

**٥,٢دامەزراندنی بانگبێژ بۆ مزگەوتی گەورەی سەلاحیە**

لە فەرمانێکدا کە لەلایەن خەزێنەی تایبەتی دەوڵەتەوە دەرچووە ئامژە بە دامەزراندنی بانگبێژێکی نوێ دەکات بۆ مزگەوتی گەورەی سەلاحییە، فەرمانەکە بە ژمارە ١٦٥ لە ڕێکەوتی ١١ شوباتی ١٣٢٥ واژۆکراوە ئاماژە بە دامەزراندنی مەلا ((ئیبراهیم ئەفەندی)) دەکات وەک بانگبێژ لە جێگەی مەلا ((مستەفا ئەفەندی)) باوکی کە پێشتر لە هەمان مزگەوت بانگبێژ بووە، ئەم فەرمانە بە پێی ئوسوڵ و ڕێنمایی و زانیاری دادگای شەرعی دەرکراوە، شایەنی باسە لەلای خوارەوەی فەرمانەکە مۆری ئەوکەسانەی پیوەیە کەوا ڕەزامەندییان داوە لەسەر ئەم فەرامانە وەک سەر ئەندازیار و خامەی نهێنی و ژمێریار و سەرۆکی کۆمیسیۆن، شایەنی باسە ئەم مزگەوتە وەک ناوەندێکی گرنگی زانستی و ئاینی لەو ڕۆژگاەردا ڕۆڵی بینیوە چونکە وانەبێژ و ئیمام و بانگبێژ و و تاربێژی تایبەتی هەبووە و جێگەو پێگەی گرنگی هەبووە بۆ سەلاحییە لەو ڕۆژگارەدا.

**٦,٢نۆژەنکردنەوەی زیندانی سەلاحیە**

فەرمانی دروستکردنی زیندانیکی تازە بۆ سەلاحییە لە لایەن وەزارەتی کاروباری ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندانەکانەوە دەرچووە، لە فەرمانەکەدا هاتووە بە هۆکاری بچوکی و بونی ڕێژەی شێی زۆر لە وەرزی زستانداو گەرما لە وەرزی هاویندا ئەو زیندانە گونجاو نییە و دەبێ لە شوێنێکی تردا زیندانێکی نوێ دروست بکرێت، شایەنی باسە ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی ٣ مارسی ١٣٢٧ دەرچووەو ئاراستەی ویلایەتی موسل کراوە بەمەبەستی جێبەجێکردنی.

دواتر ئەم زیندانە دروستدەکرێت و دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە بەڵا دوای چەند ساڵێک لەبەکارهێنانی بەشی ئاو و ئاوەڕۆی زیندانەکە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە دەبێت هەر بۆیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندانەکانەوە لە وەزارەتی ناوخۆ فەرمانی نۆژەنکردنەوەی ئەو بەشەی زیندانەکە دەردەچێت، بۆ ئەم مەبەستەش بڕی ١٢٧٠ قروشی بۆ خەرج دەکرێت، شایەنی باسە ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی ٢٠نیسانی١٣٣٢ دەرکراوەو مۆر و ئیمزای بەڕێوبەری گشتی زیندانەکانی لەسەرە.(DH.MB.HPS.00011.00016.002)

هەر لەهەمان ساڵدا لە لایەن والی مو سڵەوە فەرمانی نۆژەنکردنەوەی تەواوی زیندانەکە دەردەکرێت و بە پێی ئەو دەرخستەی بۆی کراوە بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت و تەواوی زیندانەکە نۆژەن دەکرێتەوە، ئەم فەرمانە والی موسل لەسەر داوای موتەسەڕیفی ئەوکاتی کەرکوک بووە بۆ نۆژەنکردنەوەی زیندانی سەلاحیە، شایەنی باسە بڕی پارەی تەرخانکراو ٢٠٧٥ قروش بووەو وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی زیندانەکان پەراوێزی بۆ نوسیوەو داوای کردووە لەناو بودجەی ویلایەتی موسڵدا جێگەی بکرێتەوە، هەر پەیوەست بە زیندانی سەلاحیە کاری نۆژەنکردنەوە و شتی زیاتر بەردەستە بەڵام ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندە دەکرێ باسبکرێت.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**٧,٢خشتەی ڕۆژانەی زیندانی سەلاحیە**

بە پێی ئەو خشـــتەی کەوا لەلایەن کارگێڕی زیندانەکەوە رۆژانە کاری پێکراوە پۆلینکاری بۆ زیندانەکان کراوە لە لایەنی کۆمەلایەتی و ئاینی و ڕەگەزی و جۆری تاوانەوە، بۆ نمونە کەســـانی زگورد جیاکراونەتەوە لە خێزاندارەکان، کەسانی جینایەتکار جودا کراونەتەوە لە ئەو کەسانەی تاوانێکی بچوکیان کردووە، هەروەها کەسانی خاوەن منداڵ بە جودا پۆلێنکراون، لە هەمان کاتدا پۆلێنی زیندانیان کراوە لەســـەر بنەمای ماوەی زیندانیی هەروەها جۆری دادگایی کردنەکەیان دادگای گشتی بووە یاخود تایبەت، لە هەمان کاتدا زیندانیان لەسەر بنەمای کاروپیاسەکانیان پۆلین کراون، ئەوەی لە ماوەی ئەو خشـــتەیە بەرچاو دەکەوێت زۆربەی تاوانەکان بریتین لە شـــەڕو دزیکردن، هەر وەها لە ناو زیندانەکانیشدا کە سانی بێ ئیش ڕێژەیان زیاترە، لە هەمانکاتدا کە سانی خێزاندار ڕێژەیان لە زگورد زیاترە، بە هەمان شێوە ڕێژەی پیاوان لە ئافرەتان زیاترە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو تاوانانەی زیندانیانی پێ سزادراوە تاوانی گەورە نین، بەڵکو تاوانەکان شـەڕە قسـەو لیدان و ناوزڕاندن و دزین، هەر لەو خشـتەیەدا خانەی کەسـانی بیانی جیاکراوەتەوە و زیندانی بەڕەگەز ئێرانی لە ناو زیندانەکاندا بونی هەیە، زۆربەت هەرەزۆری زیندانییەکان لە تەمەنی گەنجیدان واتە خوار تەمەنی ٤٠ سـاڵییەوەن، زۆرترین ماوەی سـزادراوان لەم زیندانەدا بەپێی خشـتەی بەردەسـتمان لە سـێ مانگ تێپەری نەکردووە، بەمەش بۆمان دەردەکەوێت تاوانەکان تاوانی گەورە نین، دەنا سـزای زیاتریش لە یاسـاکاندا بوونی هەیە، بە پێی ئەم خشـتەیە زۆربەی تاوانەکان لە هەردوو مانگی حوزەیران و ئابدا ئەنجام دراون، هەر لە خشـتەکەدا خەرجی ڕۆژانەی زیندانیان لە نێوان چوار بۆ پێنج قروشـــدایە، ئەم زانیارییانە لە ســێ بەڵگە نامەی جیاوازەوە بەدەستخراون، ئەم بەڵگەنامانە ئەوەمان پێدەڵێن کەوا کاری زیندانی و ڕاگرتن لە سەلاحییەدا بە شێوازیکی ڕێخراو و ڕێکاری یاســـایی تایبەتەوە ئیدارە کراوە، کاری ورد و تایبەت لەســـەر تاوانکاران کراوە، ڕێکاری تایبەت گیراوەتەبەر بەرانـــبەر هەر تـــاوانـــێـــکـــی گەورە یـــاخـــود بـــچـــوک. (DH.MB.HPS.000146.00069.006) (DH.MB.HPS.00032.00069.007) (ML.EEM. 01132.00069.007)

**ئەنجام**

لە ماوەی لیکۆڵینەوەو نوسینی ئەم تویژینەوەیەدا و بنکۆڵکردنی بەڵگەنامەکان و گەڕان بەناو ئەرشیفی عوسمانیدا لە بارەی سەلاحییەوە دەتوانین بڵێین گەشتوینەتە چەند ئەنجام و ڕاستییەک کە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە.

١- سەلاحییە وەک ناوەندێکی کارگێڕی و ئیداری لەو سەردەمەدا گرنگی جیۆپۆلەتیکی تایبەتی هەبووە بە نیسبەت دەسەڵاتی عوسمانییەوە.

٢-ســـەلاحییە لەو ڕۆژگارەدا ناوەندیکی گرنگی کشـــتوکاڵ و بەرهەمهێنانی دەنەوێڵە بووە بە نیســـبەت ویلایەتی موسڵەوە.

٣-ســـەلاحییە وەک لە بەڵگەنامەکاندا دەبینرێت پێکهاتەیەکی فرەیی نەتەوەیی و مەزهەبی هەبووە شـــارێکی فرە کلتور بووە.

٤-ناوەندی قەزای سەلاحییە شارێکی پڕ جوڵەی بازرگانی بووە و بازاڕێکی قەرەباڵغی هەبووە لەو ڕۆژگارەدا.

٥-کۆمەڵێک ناوەندی کەلەپوری ئەو سەردەمە ماون لە سەلاحییەدا لە ئێستادا دەبێ ئاوڕی جددیان لێبدرێتەوەو بە زیندووی بهێڵدرێنەوە.

٦-کۆی گشـــتی مێژووی ســـەلاحییە دەبێ لێکۆڵینەوەی زانســـتی فرە ڕەهەندی لە بارەوە بکرێت و ببێتە باس و خواسی ناوەندە زانستییەکان.

٧-بەشێک لەو ناوچانەی ئەوکات لەناو سنوری ئیداری سەلاحییەدا بوون ئێستە بوونەتە ناوچەی کێشە لەسەر، هەر بۆیە بۆ سەلماندنی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە بەڵگەی مێژوویی باش هەیە لە ئەرشیفی عوسمانیدا خزمەتی ئەم بوارەی پێبکرێت.

**سەرچاوەکان**

1- MAARİF SALNÂMELERİNE GÖRE 20. YÜZYIL BAŞLARINDA (1898-1903) MUSULVİLAYETİ’NDE EĞİTİM VE EĞİTİM KURUMLARI.

2-MKT.MHM.0052.00069.001 .

3-EEM.01123 .

4-MB.HPS.00011.0016.002 .

5-MF.İBT.00215 .

6-DH.MB.HPS.00069.006 .

7- DH.MB.HPS.00146.00069.006 .

8- DH.MB.HPS.M.00032.00069.007.

9-MF.İBT.00057 .

10-ML.EEM.01132.00022.014 .

11-DH.İ.UM.EK.00006.00034.001 .

12-DH.MB.HPS.00011.00016.002 .

13- BOA.HH.THR.365.20.

14- H.14.9.1307.YER BİLGİSİ.76-41.

15- ML.EEM.00869.00008.005.

16- ML.EEM.00983.00015.008.

17-ML.EEM.00983.00015.009.

18- BOA.HTR.0445.

19- موصل ولایتی سالنامەسی،١٣٣٠،موصل مطبعەسندە طبع أولنمشدر .

20- موصل ولایتی سالنامەسی،1325،موصل مطبعەسندە طبع أولنمشدر.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034